# داواکارییە بەرنامەییەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی "دنیایەکی باشتر" دەربارەی مافەکانی ژنان

## گفتوگۆی ڕادیۆی ئینتەرناسیۆنال لەگەڵ مەنسور حکمەت، ٢٢ ی فێبریوەری ٢٠٠١ *

**وەرگێرانی لە فارسیەوە: جەمال موحسین**

**ڕادیـۆ ئینتەرناسـیۆنال:** ڕۆژی جیهـانی ژنـان ٨ ی مـارس بەرامبەر بە ١٨ ی ئەسـفەند نـزیکە و ئێمە لە مـاوەیەک لەمەوبەرەوە پێشوازیمان لەم ڕۆژە کرد و چەند بەرنامەیەکمان سەبارەت بە مافەکانی ژنان، جێگە و ڕێگەی ژنـان، بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە ڕادیۆوە پەخش کردووە. ئەمرۆ ئەمانەوێ لەگەڵ مەنسـور حکمەت دەربـارەی خواستەکانی بەرنامەی دنیایەکی باشتر، بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، لەبارەی مافەکانی ژنانەوە قسـە و باس بکەین.

زۆر سـوپاس. ئێـوە نووسـەری ئەم بەرنـامەیەن [دنیـایەکی باشـتر_وەرگێـر]. بە گشـتی لەلایەن بەشـێک لە بزووتنەوەی داکۆکی لە مافەکانی ژنان کە بە بزووتنەوەی فێمینیستی ناسراوە، پیاوان بەوە تاوانبار ئەکەن کە لە مەسـەلەکانی ژنـان تێنـاگەن. ئەو داواکاریـانەی لەم بەرنـامەیەدا هەن، باسـیان لە ووردەکارییەکی زۆری مافەکـانی ژنان کردووە. ئێوە چۆن توانیتان... ئەتوانم بەمجۆرە بیلێم کە ئایا ئێوە لەبەرامبەر بەم ئیتهاماتانەی بزووتنەوەی فێمینیستیدا چی ئەڵێن؟

**مەنسور حکمەت:** ئەم ئیتهـامە ڕووکەشـیە و بـۆ دڵی خـۆ ڕازی کردنە. بـزووتنەوەی ژنـان لە کـۆنەوە قەرزاربـاری بـزووتنەوەی کۆمۆنیسـتی و مارکسیسـتیە. بـزووتنەوەی کۆمۆنیسـتی بزووتنەوەیەکـی نێـونەتەوەییە بـۆ یەکسـانی ئینسـانەکان و یەکسـانی ژن و پیـاو بەشـێکی گەورەی پلاتفـۆرمی بـزووتنەوەی کۆمۆنیسـتییە. سـەرئەنجام ئەو فیکـرانەی کە لە مارکسـیزمدا سـەبارەت بە یەکسـانی ژن و پیـاو هەیە، فیکـرەی قـوڵ و تـا ڕاددەیەک گشـتی و ڕادیکاڵانەیە. بە بڕوای من بزووتنەوەی فێمینیستی تەنانەت خۆی لە ڕووکەشی مەسـەلەی ژنانیش نادات. هەمـان ئەو کەسانەی کە پێیان وایە دەرکی مەسەلەی ژن ئەکەن، هەتا زۆرێک لە فێمینیستەکان لە وولاتە جیاجیاکان ئێستا بەرەو باڵی چەپی ئەحزابی دەسـەلاتدار کێش بوون کە هەتا ئیمتیازاتە جوزئیەکانی ژنان ئەسێننەوە. سـەرئەنجام من هەتا باسـی ڕەخنەی فێمینیسـتەکان لە مارکسیستەکان، لەسـەر بنەمـای ئەوەی کە لەبەرئەوەی بـۆ نمونە لە نـاو مارکسیسـتەکاندا پیـاو زۆر هەن یـان ئەوەی کە بەشـی پیـاوان لە بـزووتنەوەی کۆمۆنیسـتیدا مەسـەلەی ژن دەرک ناکـات، بە جـدی وەرنـاگرم. ئەوە ڕۆشـنە کە هیـچ کەسـێک تەجـروبەی شەخسـی کەسـێکی تـر دەرک ناکـات. لە دوالیکدانەوەدا هەر کەسە خـۆی باشـتر لە هەر کەسـێکی تـر تەجروبەی ژیانی خـۆی کردوە. بەلام نـازانم، بۆنمونە مـارگرێت تـاچەر، سـەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کە لە ڕادەبەدەر کۆنەپەرسـتو ڕاسـترەو بـوو، یـاخود ئەم نوێنەرە ژنانەی ناو شورای ئیسلامی، وەکو یەکەم کەس ئەبێ چ شـتێک تەجروبە بکەن کە بۆنمونە، ئەو کۆمۆنیسـتانەی کە ٢٠-٣٠ ساڵ لە تەمەنیان لە پێناو یەکسـانی ئینسـانەکاندا خەباتیان کردووە، نەتوانن بیکەن و تێی بگەن. بە بڕوای من ئەمە بێمانایە. ئەو شتانە موزایەدە کردنن. موزایەدە کردنی سیاسی زۆرن بە مانایەک کەسێک ئەڵێ "من سەر بە فڵانە میللەتـم و هەربـۆیە هەسـت بە غەم و دەردەکـانی ئەم میللەتە ئەکەم"... هیـچ بەڵگەیەکـی نییە! غەم و دەردی ئینسانەکان هەمووان هەستی پێ ئەکەن. هەر کەسێک خەتی فیکری و سیاسیەکەی لە دژی چەوسـانەوە و لە دژی نایەکسـانی بێ ئەتـوانێ خـۆی بخـاتە جێگەی بەشـی چەوسـاوەی کۆمەڵگا و بیر لە مەسـەلەکانی بکـاتەوە. لە ڕووی مێژووییەوە هەڵوێستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی سەبارەت بە مەسەلەی ژن ڕادیکاڵترین و گشتیترین بووە.

**پرسیار:** ئەوە وایە... ئێستا باسـەکە جیا ئەبێتەوە، بەلام ئەوەی کە، هەڵبەتە ئەو جـۆرە ئیتهامـاتە ئامادانە بـۆ ئەوە بووە کە خـودی بـزووتنەوەی کۆمۆنیسـتی بـۆ چەنـد مـاوەیەک لە ڕاسـتیدا لە چوارچێوەیەکی بۆرژوازیدا قسـەیان کردووە، سۆڤێت و چین وەک نمونە ئەهێنرێتەوە. مەسەلەکە لەبەر ئەمەیە یان لەبەر نمونەی چەپی سوونەتی؟...

**مەنسـور حکمەت:** هەتـا لەوێـش، هەتـا لەوێش بە بـڕوای مـن فێمینیسـتەکان لەسـەر حەق نیـن. لەبەرئەوەی کە وولاتـانێکی وەک سـۆڤیەت-بەهەر ڕەخنەیەکەوە کە لێمـان هەیبوو، وولاتێکـی سـەرمایەداری دەوڵەتـی بـوو، کە ئێمە

ئەمەمان لەسەرەتاوە ووتووە- بەڵام هەتا ئەگەر سەرمایەداری دەوڵەتی لەبەرچاو بگرن، ئەم سیستمە ئەبێ لەگەڵ هیندستان بەراورد بکەن. ئەگەر سۆڤیەت نیزامێکی سەرمایەداری دەوڵەتی نەبووایە کە ئیدعای سۆسیالیزمی ئەکرد شتێک ئەبوو، وولاتێک ئەبوو وەک هیندستان. ئێستا مافی ژنان لە هیندستان بەراورد بکە بە مافی ژنان لە سۆڤیەت. ئێوە ناتوانن مافەکانی ژنان لە سوید بەراورد بکەن بە مافەکانی ژنان لە سۆڤیەت کە لە ڕووی تەکنیکی و ئابورییەوە لە ئاستێکی تردا بوو. هەتا لەو حاڵەتەشدا زۆر یاسا کە لە سۆڤیەت هەبوو ئێستاش لە سویددا نییە. سەرئەنجام بە بڕوای من ڕەخنەیەک کە فێمینیستەکان لە چەپە ڕیڤیزیۆنیست [ئینحرافی-و] و چەپە نا کۆمۆنیستیەکانیشی ئەگرن لەسەر حەق نییە. ئالای فێمینیستەکان لە دەستی کەسێکدایە وەک هێلاری کلینتۆن لە ئەمریکا، یان بزووتنەوەی باڵی چەپی چینی دەسەڵاتدار لە وولاتانێکی وەک ئینگلاند، لە تەنیشت پارتی کرێکارانی تازەوەن. ئەوانە فێمینیستن. فێمینیستەکان ئەو کەسانەن کە لەبەر خاتری فەرهەنگی محەلی هەر وولاتێک ئامادەن مافەکانی ژن بکەنە قوربانی. ئەمانە فێمینیستە واقعیەکانی ئەم سەردەم و زەمانەیەن. ڕەنگە هەندێکیان تیا بێ ڕادیکاڵتر بن لەوە. بەڵام بە بڕوای من کۆمۆنیستەکان - هەتا خراپترین جۆری کۆمۆنستەکان - بە شێوەیەکی تایبەت قەرزارباری فێمینیستەکان نین سەبارەت بە مەسەلەی ژن.

**پرسیار:** تا ئەو جێگایەی بە کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئەگەڕێتەوە- بابێینە سەر "دنیایەکی باشتر" کە ئەگەر کات کەم بوو جارێکی تر دێینەوە سەری گەر ڕێ بدەن چونکە گرنگە- داخوازیەکانی لە مەیدانی بزووتنەوەی نێونەتەوەیی ژناندا پێشکەوتووترین و پێشڕەوترین داخوازین لەبارەی بزووتنەوەی ئێرانەوە کە ئەسڵەن داخوازییەک بێجگە لە یەکسانی ژن و پیاو مەترەح نەکراوە. تا ئەو جێگایەی کە بە کردەوەش هەیە، وا دێتە بەرچاو کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چالاکترین ڕەوتە کە بۆ یەکسانی ژن و پیاو خەبات ئەکات. ئایا ئێوە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی لەمجۆرەدا موافقن؟

**مەنسور حکمەت:** لە ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا هەڵبەتە مەسەلەکە بەمجۆرەیە. تا ئەو ڕادەیەی ئێمە هەڵئەسوڕێین، هێشتا ئەمە بەشێکی بچووکیش نییە لەوەی بیری لێ ئەکەینەوە کە ئەبێ هەڵبسوڕێین. ئێمە ئێستا بە پێوانەکانی خۆمان، بە چاوەڕوانیەکانی خۆمان لە پلەی هەڵسوڕان بۆ مەسەلەی ژن نزیک نەبووینەتەوە بەڵام گەر بەراوردی بکەی بەو گروپ و مەحافلە زۆر و زەبەندانەی ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێران، کە لانی زۆری داکۆکییان لە ژن ئەوەیە کە ئەڵێن "لێگەڕێن با ئەو ژنانە، ئەو نازدارانە کاریان هەبێ، یا کەمێک جلوبەرگی ئازادانەتر بپۆشن، لە حجابەکەیان کەمێک بێنە خوارەوە، بەڵام کەسێک نەیووتووە قژەکانیان دەربخەن". ئەمە تەسەورێکە کە ئەم کوڕ و کۆمەڵانە سەبارەت بە ئازادی ژن هەیانە! لە بەراورد بەواندا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی، بەوپەڕی ئازادیخوازی حساب ئەکرێ، بەڵام خودی ئێمەش ئەبێ ڕێگەیەک ببڕین. ئەم ڕێگایە ئەبێ بە عەمەلی بیبڕین. ئەبێ بەرەو ئەو جێیە بڕۆین کە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە پەیدا بکەین کە ئەم بەرنامەیە پیادە بکەین و نیشانی بدەین کە وەفادار ئەمێنینەوە پێی. چونکە ڕاگەیاندنی بەرنامەیەک لە ئۆپۆزسیۆندا شتێکە و پیادەکردنیشی بە کردەوە مەسەلەیەکی ترە. کاتێک ئێمە دەست بکەین بە پیادەکردنی عەمەلی ئەو بەرنامەیە، ئیسلامیەکان تەحریک ئەبن، قەومیەکان تەحریک ئەبن، پیاوسالارەکان تەحریک ئەبن... وە لەو جێگەیەدا لەمەحەکدانی واقعی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی دێتە ئاراوە کە ئایا ئەو مقاوەمانە ئەکوتێ و مافەکانی ژنان ئەدات، یان لە یاساکاندا دایانئەنێ و ئەیکاتە پراتیکی ئەسڵی کۆمەڵگا، یان مل ئەدات بەوانە [واتە بە ئیسلامی و قەومی و پیاوسالارەکان-و]؟ ئەم پرسیارە ئێستا لەبەرامبەر هەموواندایە. ئەگەر کەسێک، ئەگەر ڕەوتێکی سیاسی بیەوێ لە ڕیزی پێشەوەی ئازادی و یەکسانی ژن لە ئێراندا بێ، بە بڕوای من حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە. خودی گوێگرانی ئێوە ئەتوانن بەراورد بکەن و ببینن کە ئەم قسانە لە زمانی چ گروپێکی تر یان ڕێکخراوێکی تر یان بزووتنەوەیەکی ترەوە ئەبیستن. کەسێکی تر نییە ئامادە بێ کە ئەم قسانەی ئێمە لەبارەی یەکسانی ژن و پیاوەوە ئەیڵێین ئەسڵەن هەتا ڕاشیبگەیەنێ.

**پرسیار:** ئێوە بەمەتان ووت "لە ئۆپۆزسیۆندا"، بەڵام من هەتا لەمە واوەتر ئەڕۆم، لە نێو شتێکدا کە خۆی بە بزووتنەوەی داکۆکی لە مافەکانی ژنان ئەزانێ، ئێمە ئێستا شاهیدی هەوڵێکی زۆر نین سەبارەت بە خەباتێکی عەمەلی بۆ ڕسوا کردنی جمهوری ئیسلامی، لە دژی ئیسلام، لە دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و شتی تری لەو بابەتە. پێش ئەوەی بێمە سەر بەرنامە، ئێوە ئاماژەتان بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش کرد. ووتتان سەرەتا ڕاگەیاندنی

بەرنامەکە و دواتریش بە عەمەلی کردنەوەی. کرۆکی مەسەلەکە لێرەدایە. کەسانێکی زۆر هەن، ئەوانەی کە ئێستا هەوڵ ئەدەن بە ئاوازێکی تەعدیلکراوەوە ڕەخنەکانیان بگرن، بە ئێمە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەڵێن کە قسەکانی ئێوە زۆر باشە، بەڵام ئەم داواکاریانە کە ئێوە بۆ نمونە لە بارەی مافەکانی ژنانەوە هەتانە لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێراندا قابیلی پیادە کردن نییە چونکە فەرهەنگی خەڵک دواکەوتووە. ئێوە لە بەرامبەر ئەم ڕەخنەیەدا ئەڵێن چی؟

**مەنسور حکمەت:** ئێمە فەرهەنگی خەڵک ئەگۆڕین. لە جیاتی ئەوەی ئێوە بێن نیوەی کۆمەڵگا بکەنە قوربانی، ئەتوانن ئەو فەرهەنگە بکەنە قوربانی. زۆر سادەیە! ئێمە خەڵکی پێشکەوتوو و پێشڕەوی ئەو کۆمەڵگایە کۆئەکەینەوە و ڕێکی ئەخەین. ئێمە لەپاڵ هەر قوتابخانەیەکی کچاندا یان هەر قوتابخانەیەکی تێکەڵدا کە قەرارە لەو کۆمەڵگایەدا هەبێ، هەندێ خەڵکی ڕادیکاڵ دائەنێین کە پێش بەو هەمەجیەتە بگرێ. ئێمە کۆمەڵە یاسایەک دائەنێین و زەمانەتی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بەوە ئەکەین کە بودجەی بۆ دابین ئەکەین بەجۆرێک کە زەمانەتی بەشداری ژنان لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکاندا بکات، پێش بە هەر حەرەکەتێک لە دژی ئەوان بگرێ، پێش بە هێزە دواکەوتوو و کۆنەپەرستەکان بگرێ. ئێمە کارێکی وا ئەکەین کە ئەگەر کەسێک ڕێگر بێ لەبەردەم ئازادی ژن و مەسەلەی یەکسانی ژن و پیاودا کۆمەڵگا ئەو کەسە بە چاوی خەتابارەوە تەماشا بکات. ڕێک وەک ئەوەی کەسێک ڕێگر بێ لەبەردەم تەندروستی خەڵکدا، کەسێک ڕێگر بێ لەبەردەم ئاسودەیی خەڵکدا بە گشتی، ڕێک وەک ئەوەی کەسێک موڵکی دەوڵەتی و موڵکی وولاتی خواردبێ، ڕێک وەک ئەوەی کەسێک ڕێگر بووبێ لەبەردەم ئەوەی نەخۆشێک بگاتە لای دکتۆر... بە هەمان چاو تەماشای کەسێک بکات کە ڕێگر بووە لەبەردەم دەرس خوێندنی کچێکدا، ڕێگر بووە لەبەردەم کارکردنی ژنێکدا، یا ڕێگر بووە لەبەردەم ئەوەدا کە ژنێک هەر جلێکی پێ خۆشە بیپۆشێ و بڕواتە سەر کار. ئێمە فەرهەنگ ئەگۆڕین. لە جیاتی ئەوەی کە خۆمان بگۆڕین، یان حەقیقەتێک کە باوەڕمان پێی هەیە بیخەینە ژێر پێوە، ئەو فەرهەنگە ئەگۆڕین.

ئەو فەرهەنگە لە کوێوە هاتووە؟ ئەو فەرهەنگەش لە ڕووی مێژووییەوە بەرهەمی چینی دەسەڵاتدارە لەو وولاتەدا، فەرهەنگێکە کە بە کەڵکی قازانجهێنانی سەرمایەداری هاتووە، فەرهەنگێکە کە بە کەڵکی حوکمی هەمان ئەو لات و لەوێرانەی کە لە ئێران لەسەر حوکمن هاتووە... ئێمە حکومەت ئەگۆڕین، <u>فەرهەنگیش ئەگۆڕین</u>. لە هەموو جێگایەکی دنیا بەمجۆرەیە. ئێوە ناتوانن ئازادی بهێننەدی بەبێ ئەوەی هێرش بەرنە سەر تەقالیدە دواکەوتووەکان. ئێمە ئەو تەقالیدانە ئەبەینە دواوە. زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران، بە بڕوای من زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران لە حەرەکەتی دژی فەرهەنگی دواکەوتوودا لەگەڵ ئێمەدا ئەبن. ئەگەر بەشە دواکەوتوو و بەبەردبووەکانیش پەیدا ببن، هیچ چارەیەکیان نییە، ئەبێ ددان بە جەرگی خۆیاندا بگرن. سەرئەنجام خۆ ئەبێ یەکێک ددان بە جەرگی خۆیدا بگرێ. یان ئەبێ ژن ددان بە جەرگی خۆیدا بگرێ و لەژێر چەوسانەوەدا بمێنێتەوە، یان حاجی فلان ئەبێ ددان بە جەرگی خۆیدا بگرێ. ئێمە لەم مەسەلەیەدا ئەڵێین حاجی فلان بێزەحمەت ئیتر تۆ ددان بە جەرگی خۆتدا بگرە.

**پرسیار:** باسەکان زۆر سەرنجراکێشن. هەروەک ووتم لە هەر جێگایەک باس دێتە سەر ئەوەی کە ئەبێ ئەم داواکاری و مافانە هەبن، بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بە زیادەڕۆیی و توندڕەوەی تاوانبار ئەکەن و ئەڵێن ئەمانە عەمەلی ناکرێنەوە و هەندێ جار گوایە حیجاب خواستی خودی خەڵک خۆیەتی. ئەمانە چەند شتێکن کە ڕەنگە بتوانین لە جێگای تریش باسیان بکەین.

تەماشاکەن، لە بەرنامەی دنیایەکی باشتردا هاتووینەتە سەر تەواوی مەسەلەکان، ئابوری، سیاسەت، خێزان، ئەخلاق و فەرهەنگ و شتی تر. ئەم باسە لەباری سوننەتییەوە لانی کەم لەلایەن ئەو بزووتنەوە سوننەتیەی چەپی مارکسیستیەوە باسی لێکراوە کە جێگەوڕێگەیەکی زیاتری بە ئابوری داوە لە مەسەلەی هەڵگرتنی ستەمی سەر ژناندا. ئایا ئێوە موافقن بەو دید و بۆچوونە؟

**مەنسور حکمەت:** لە دوا لێکدانەوەدا ئەگەر ژن لە بواری ئابوریدا نایەکسان بێ و ئەگەر لە بواری ئابوریدا لەژێر ستەمدا بێ، لە بواری سیاسی و فەرهەنگیدا ناتوانێ یەکسان بێ، <u>لە دوالێکدانەوەدا بەمجۆرەیە</u>. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئەبێ سەبر بکەین تا لە پێشدا ژن لە ئابوریدا یەکسان بێ و دواتر بڕۆین بە سۆراغی مافە فەرهەنگی و

سیاسیەکان و یەکسانییەوە. ئەمە ئەسڵەن و هەرگیز بەو مانایە نییە. هەموو ئەوانە ئەبێ هاوتەریبی یەک بڕۆنە پێشەوە و هەر ئێستا ئەبێ بڕواتە پێشەوە.

سیاسەتی ئێمە ئەمەیە: لە یەکەمین ڕۆژەوە کە لەو وڵاتە دەستمان بگات بە جێگەیەک، ڕائەگەیەنین کە ژن و پیاو یەکسانن، هەموو ئەو یاسایانەی بە کردەوە جوداسازی ئەهێنن هەڵئەوەشێنینەوە، ڕائەگەیەنین کە مافە مەدەنیەکانی ژن و پیاو وەک یەکە، ڕائەگەیەنین مافە سیاسیەکانی ژن و پیاو وەک یەکە، ڕائەگەیەنین مافە فەرهەنگیەکانی ژن و پیاو وەک یەکە، ڕائەگەیەنین بڕیاردانیان سەبارەت بە خۆیان، خێزانیان، شوێنی ژیانیان، شوێنی کاریان وەک یەکە و ڕائەگەیەنین لە بواری کار و شتی تردا ژن و پیاو مافی تەواو یەکسانیان هەیە. ئەمە ڕائەگەیەنین و ئەشیکەین بە یاسا، وە دەستبەجێ ئەم کارە ئەکەین نەک لە ڕەوەندێکی تەدریجیدا کە یاساکان یەک لە دوای یەک چەکوش کاری بکەین. بە عینوانی مانیفێستی سەرکەوتنی شۆڕش ئەمە ڕائەگەیەنین و ڕۆژی دوای ئەوە ئەمە یاسایە. کاتێکیش ئەمە یاسایە ئەبێ جێبەجێ بکرێ. ئیتر ئەوەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردنەکەیدا کارەکە چەند درێژە ئەکێشێ، چەند بەڕێوەبەری کارگە مقاوەمە ئەکەن، یان چەند بەڕێوەبەر و مامۆستای قوتابخانە مقاوەمە ئەکەن، ئەوە ڕەوەندێکە کە ڕەنگە تیایدا کاری سەرکەوتن بەسەر ئەو مقاوەمەتانەدا، ڕۆشنگەری دەربارەیان، بەدەستهێنانی سەرچاوە و ئیمکانیاتی تەواو بۆ دابینکردنی عەمەلی ئەو یەکسانییە، بەدەستهێنانی بودجە بۆ کارەکان و شتی لەو بابەتە، ئەمانە ڕەنگە کات بخایەنێ. بەڵام وەک یاسا دەستبەجێ ڕائەگەیەنین و ئەگەر ڕۆژی دوای ئەوە دەرکەوت کە لە جێگەیەک ژنێک لە مەوقعیەتێکی نایەکساندایە لەگەڵ پیاودا، سەبەبکاری ئەو مەسەلەیە کارێکی نایاسایی و خیلاف بە مافی مەدەنی کەسێکی تری ئەنجامداوە و ڕووبەڕووی یاسا ئەبێتەوە. سەرئەنجام لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەمە داواکردنێکی زیادەڕۆییانە نییە، بەڵکو حەقیقەت خۆیەتی. ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوەوە بوایە، ئەگەر بۆ نمونە هەمان ئەو بزووتنەوەی میللی-ئیسلامییەی کە ئێمە بە زیادەڕۆیی تاوانبار ئەکات، هیچ کێشەیەکیان نەبێ کە بە تەواوەتی داواکاری سەربەخۆیی لە ئەمریکا بن، بۆ نمونە لە فلانە وڵاتدا وە کاتێک قسە لەسەر مافی میلیانە هیچ شتێک بە زیادەڕۆیی نازانن و هەموو شتێکیان ئەوێ. کاتێ قسە لەسەر مافە تیجاریەکانی ئەوانە، بۆ نمونە کاتێ کە ئەڵێن ئێمە ئەبێ فلانە سەنعەتی خۆمان بە دەستی خۆمانەوە بێ و قورسایی فلانە باج لەسەر شانمان لاببەن هیچ کێشەیەک نابینن ئەگەر بڵێم "من ئەمەم ئەوێ و ئەبێ جێبەجێ بکرێ". کاتێ مەسەلەکە دێتە سەر ژنان، هەموویان ئەڵێن، کاکە زووە، ئێستا نابێ، و لەگەڵ فەرهەنگماندا نایەتەوە و شتی تری لەو بابەتە. ئێمە هیچ سازشێک لەگەڵ ئەو بەڵگەهێنانەوانەدا ناکەین. ئێمە ئەم خەتەمان قبوڵ نییە. ڕێک هەروەک مافی کرێکاریی، وەک مافی ئابوری کرێکاران. ئێمە گەر ڕۆژێک بێینە سەر حوکم-ئومێدەوارم کە بتوانین بێینە سەر حوکم- هەمان ڕۆژ لانی کەمی کرێ ڕائەگەیەنین کە لانی کەم خێزانێک بتوانێ ژیانی پێ بەرێتە سەر، لەوە بگەڕێ هەر کەسێک کە ئەیەوێ مخالیفی ئەوە بێ.

**پرسیار:** باشە، زۆر گرنگە یاسا بگۆڕدرێت و یاسا ڕابگەیەندرێت، سەرئەنجام بەم مانایەیە نەخشی دەوڵەتێک لە لابردنی نایەکسانیەکاندا گرنگە، کە ئەمە لایەنی حقوقیش ئەگرێتەوە، بەڵام کافی نییە. ئێوە ئەتوانن مافی یەکسان ڕابگەیەنن، بەڵام هێشتا لە خێزاندا پیاو وەک ڕاهاتووە هەر لە ژن ئەدات. لەم بارەیەوە ئەبێ چی بکرێ؟

**مەنسور حکمەت:** بۆ هەڵگرتنی ئەم مەسەلانە ئەبێ هێزی ئینسانی و سەرچاوەی مالی تەرخان بکرێ. بەشێک لەوە هوشیارکردنەوەیە. لە کۆتاییدا فەرهەنگێک نییە بتوانێ لەبەرامبەر درووستی و حەقانیەتی ئەم مەسەلەیەدا مقاوەمە بکات. بە بڕوای من لە ماوەی چەند ساڵێک لە هوشیارکردنەوەدا ئەتوانی کارێک بکەی کە پیاوانی ئەو وڵاتەش ئازاد ببن لەو بەبەردبوون و ئەو دواکەوتووییە فەرهەنگییەی کە لەگەڵ ئیسلام و فەرهەنگی سوننەتیدا خۆی ژیاندووە. ئەبێ کار بکرێ، ئەبێ فێرکردن بکرێ، ئەبێ پێداگری بکرێ، ئەبێ بەدواداچوون و مراقبە بکرێ. ئێوە ناتوانن مەسەلەکە بسپێرن بە خێزان، وە وا تەسەوری بکەن کە تاریکستانێکە و کەس خەبەرێکی نییە لەبارەیەوە و ناتوانێ تەدەخولی تیا بکات...

**پرسیار:** ببورە قسەکەتان پێ ئەبڕم، ئایا ئەمە وا باسی لێ ناکرێ کە تەدەخولی دەوڵەت و پۆلیسە لە ژیانی شەخسیدا؟

**مەنسور حکمەت:** ئاخر خۆ مەسەلەکە بەوجۆرە نییە کە برۆن ماڵی خەڵک بشکێنن و بچنە ناوەوە. قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەگەر ژنێک بە چاوی ئاوساوەوە هاتە سەرکار، ئیجازەیان هەبێ برۆن و ببینن چ کەسێک بە بۆکس لە چاوی داوە. ئەگەر بینیت منداڵ نایەت بۆ قوتابخانە، ئیجازەت هەبێ و برۆی ببینی بۆ نەهاتووە بۆ قوتابخانە. ئەگەر خاوەنکارێک ئینتەرڤیوی کاری کردووە و لە پێنج وەزیفە کە هەیەتی هەر پێنجەکەی پیاو وەریگرتووە، لایەنێک هەبێ بتوانێ ببینێ کە ئەو خاوەنکارە بە ڕاستی لەسەر بنەمای توانایی و لێهاتوویی بۆ ئەو کارە حوکمی داوە یان پیاو بوونی ئەوان ڕۆڵی هەبووە. مەسەلەکە ڕۆشنە کە ئەگەر دەرکەوت حساب بۆ توانایی و لێهاتوویی کراوە هەڵبەتە ئیتر حەقیان بەسەرەوە نییە. ئەبێ کۆمیتەکان و دامودەزگای خەڵکی کە موراقەبەی جێبەجێکردنی دروستی ئەو یاسایانە ئەکەن لە ئارادا بن، ئەبێ دامودەزگای دڵسۆز کە پێیان ئەووترێ خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە ئارادا بن کە کۆمەکی ئەم کارە بکەن. بەشێکی زۆر لە مافەکانی ژنان ئیمکانی بە دەستهاتنیان هەیە. نابێ لەسەر سینیەک ببرێ و بدرێ بەوان. خودی ژنیش ئەبێ کۆمەک بکات و ئەو مافە وەربگرێ. سەرئەنجام ئەگەر ژنێک لێیبدرێ، ئەگەر ژنێک لە چوونە دەرەوە بێبەش بکرێ، ئەگەر ژنێک لە کار پەیدا کردن بێبەش بکرێ، ئەگەر ژنێک لە پەیوەندی درووستکردن لەگەڵ خەڵکی تر بەو جۆرەی کە خۆی پێی خۆشە بێبەش بکرێ، ئەبێ مراجەعەی سیستمێکی لەو بابەتە بکات و بخوازێ کە دەخاڵەت بکەن. تەسەوری ئەوەی کە هەر دەوڵەتێک دەخاڵەت بکات حەتمەن دەخاڵەتێکی توند و تیژ و پۆلیسییە، لەبەر ئەوەیە کە دەوڵەتەکانی کە تا ئێستا هەبوون بەوجۆرە بوون، دەوڵەتە ئیستبدادیە سەڵتەنەتیەکان، دەوڵەتەکانی باڵی ڕاست، دەوڵەتە پۆلیسیەکان، دەوڵەتە ئیسلامیەکان. ئێمە قسە لەسەر حکومەتێکی خەڵکی ئەکەین کە بنەماکەی شورای گەڕەکەکانە، بنەماکەی خودی خەڵکە. خودی خەڵکن کە خۆیان لە شێوەی دەوڵەتدا ئارایشت داوە. سەرئەنجام کەسێک کە ئەیەوێ دەخاڵەت بکات، هەمان ئەو کەسەیە کە هەمان ئینسانەکان بە عینوانی هاوکار و دۆست و ئاشنا سەروکاریان لەگەڵیدا هەیە، ئەنجومەنی گەڕەکە، ئەنجومەنی قوتابخانەیە، نەوەک دامودەزگایەک کە بە جلوبەرگی ڕەسمی و چەکەوە بێتە سەر ماڵی خەڵک و بلێ بۆچی لەگەڵ یەک بەمجۆرە ڕەفتار ئەکەن... ئەم تەسەورە لە دەوڵەتی توندوتیژ یەکەمین شتێکە کە ئێمە نەفی ئەکەینەوە و ڕەخنەی لێئەگرین. دەوڵەتێک دێت کە لە بنەڕەتدا خودی خەڵکە، خەڵکێک کە ئەیانەوێ ئیدارەی ژیانی خۆیان بکەن.

..............................................................................................................................

* ئەم دەقە لەسەر کاسێت لە ئەرشیفی ڕادیۆی ئەنتەرناسیۆنال هەیە و لەوێوە نووسراوەتەوە. بابەتەکە لە ئەسڵدا بە شەفەهییە.

دەقی فارسیەکە لەسەر سایتی مەنسور حکمەت لەم لینکەدا (hekmat.public-archive.net #3670ku.html) دەست ئەکەوێ.